# نامەی کچێکی مردوو

ئەحمەد کامەران

ڕۆمان



18+

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بۆ خوار
تەمەنی هەژدە ساڵی گونجاو نییە

# نامەی کچێکی مردوو

٢٠٢١

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب:نامەی کچێکی مردوو

نووسەر:ئەحمەد کامەران

بابەت:ڕۆمان

ساڵی بڵاوکردنەوە ؛ ٢٠٢١

بەرگ:هیوا پشتیوان

کـــــاتژمێر نــــۆ و نیــــوی شــــەو بــــوو، بـــــارانێکی بە لێزمە،ســـەرجەم شـــەقامەکانی شـــاری بەخـــۆیەوە تەڕکردبـــوو، ئاســـــمانێکی تەم و مـــــژاوی هەمـــــوو شـــــاری بەخـــــۆیەوە داپۆشـــیبوو. ئاشـــق و ماشـــوقەکان لەدەرەوە بـــوون، خەریکـــی دڵداری و ماچکردنی لێوی یەکتر بوون.

منــــیش خــــۆم لە ژوورێکــــدا مـــــات کردبــــوو، بە دیــــار کتێبەکـــــانمەوە ژوانێکـــــی تـــــایبەتم بەســــتبوو. ســــەرقاڵی خوێنـــدنەوەی رۆمـــانەکەی مەکســـیم گـــۆرکی بـــووم، رۆمـــانێکی زۆر کـــاریگەری هەیە بەناوی(دایـــک)، زیـــاتر لە هەفـــتەیەک ســـەرقاڵی خوێنـــدنەوەی ئەو رۆمـــانە جـــوانە بـــووم ، کە بـــاس لە شۆڕشــــــەکانی چینــــــی کرێکــــــاران و زەحمتکێشــــــەکانی رووسیا دەکاتن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری.

لەناکـاو زەنگـی مۆبـایلەکەم لێـدرا، تەماشـام کـرد نووسـرابوو ئایشــــەی هــــاوڕێم، منــــیش کتێــــبەکەم لەگەڵ چــــاویلکەکەم

لەســـــەر مێـــزەکەم دانا.لەپاشـــــان مۆبـــایلەکەم هەڵ گـــرت و گـوتم : فەرمـوو ئایشـە گیـان چۆن بتـوانم خزمەتـی بەڕێزتـان بکەم بەم شەوە.

ئایشـــــە دەنگێکـــــی جیـــاوازی هەبـــوو لەنێـــو تەلەفـــۆنەکەدا واتـــــا وەکــــو ئەو رۆژانەی ئاســـــایی نەبــــوو کە بەردەوام پەیوەنـــدی پێـــوە دەکـــردم و بـــۆ ســـاتێک منـــی دەخســـتە پێکەنینەوە بە قسە خۆشەکانیەوە.

ئایشـــــە گیـــان کچێـــک بـــوو کە هـــیچ کاتێـــک بە ئاســـانی نـــاتوانم بە چەنـــد دێرێـــک بەســــەریدا هەڵ بڵێم.تەنـــانەت کردنـــــی بە رۆمــــانێکیش لە چـــاو ئەو هـــاوڕێ جـــوانەم هـــیچ بەهـــایەکی نییە.چـــوونکە ئایشــــە لە هەمـــوو شـــتێک گەورەتـــر بـــوو،من ئەوم هەمیشـــــە وەکـــو خووشـــکێکی گەورەی خـــــــۆمم خۆشدەویســــــــت،هەروەها وەکـــــــو

تـــاقەنەترین و باشـــترین کچـــی هـــاوڕێم لەنێـــو دڵـــم جێگای ڕێزێکی تایبەت بوو...

- تۆ باشی ئایشە گیان؟ خۆ هیچ نەبووە؟

- مـــــن باشـــــم ســـــووپاس، بەڵام خێـــــرا بـــــڕۆ فەیســـبووکەکەت بـــکەوە شـــتێکی زۆر گـــرنگم بـــۆت ناردووە.

-خێردەبێت ئیشاڵا بەم شەوە دەبێت چیت ناردبێت !

-هیچ خێر نییە کاکی نووسەر...

بەخێرایـــی فەیســـبووکم کـــردەوە، بینـــیم نـــامەیەکم بـــۆ هـــــاتووە ،لەســــــەر کـــــاغەزێکی ســــپیدا نووســــــرابوو، لەپاشــــان بە مۆبایــــل وێـــــنەی گیرابــــوو، منــــیش بە ئایشەم گوت: ئەم نامەیە هی کێیە ؟

–ئەو نــــامەیە هــــی هـــــاوڕێیەکمە بە نــــاوی دڵخــــوازەوە ، ئەو کــــچەی، دوو ڕۆژ پــــێش ئێســــتا هەواڵـــی مــــردنەکەی بـــــووە ســـــەر دێـــــری هەواڵەکــــان، کە لەنێـــو مــــاڵەکەی خۆیـــدا کۆتـــایی بە ژیـــانی خـــۆی هێنـــابوو. ئێســـــتاکە ئەوە نـــامەکەیەتی پـــێش ئەوەی خـــۆی بکوژێـــت، بـــۆمنی نـــارد و بەڵێـــنم پێـــدا ، بـــۆیی بڵاوبـــکەمەوە، منـــیش تەنهـــا تـــۆم هـــات بە خەیـــاڵە ، وەکـــو نووســـەرێک بتـــوانی کـــار لەســــــەر ئەم نــــامەیەی هــــاوڕێکەم بکەیـــــت و بیکەیــــــتە ڕۆمانێک ، سووپاست دەکەم...

- مـــن کەمێـــک شـــپرزام بەبیســـتنی هەواڵـــی مردنـــی ئەو کـــچە لەزاری ئایشـــەی هـــاوڕێمەوە ،بە ئایشـــەم گـــوت: بـــۆچی ئایشـــە ڕێگـــات دا کۆتـــایی بەژیـــانی خـــۆی بهێنێت ؟

- هـــیچ شـــتێک لەدەســـتم نەهـــات بـــۆی بکەم،منـــیش هـــیچ کاتێـــک لەگەڵ ئەوەدا نەبـــووم کۆتـــایی بەژیـــانی خۆیـــدا بهێنێـــت.بەڵام ئەوکـــچە تەواو رووخـــابوو، تـــۆ نـــامەکەی بخـــوێنەرەوە ئەوجـــا دەزانـــی بـــۆچی خـــۆی کووشتووە.

- بە مـــردن هـــیچ شـــتێک چارەســـەر نابێـــت بەڵکـــو کێشەکان زیاتر قوڵتر دەکاتەوە.

– راســـــته کـــــاکی نووســـــــەر،منیش بەداخەوەم بـــــۆی، باشـــترین هـــاوڕێی کچـــم بـــوو دڵخـــواز گیـــان، بەڵام وا دیـــاره تـــاکه رێگـــای بـــۆ رزگـــاربوون لەو دۆزەخەی که بـــۆی هەڵگیســـرابوو ئەویـــش کۆتـــایی هێنـــان بـــوو به ژیانی خۆی...

–هەرگیـــز و هەرگیـــز مـــردن تـــاکه چارەســـەر نیـــیه و ناشبێتن.

–کـــاکی نووســـەر کاتـــت هەیه بـــۆ کـــارکردن لەســـەر نامەی هاورێکەم؟

–راســتیەکەی ئایشــه گیــان مــن بڕیــارم یــاوه ئیتــر وەکــو کەســێکی ئاســایی بۆخــۆم ژیــان بەرێ بــکەم،واته چیتــر نامەوێـــت وەکـــو نووســـەرێک یـــان هەرکەســـایەتیەکی دیـــــکه دەربـــــکەوم،بەڵام لەبەر ئەو هـــــاوڕێیەتیەی که

چەندین ساڵە لەنێوانمان دا هەیە من بەرز دەینرخێنم، هەروەها لە پێناو رووحی پاکی ئەو کچە هاوڕێیەت من کار لەسەر ئەو نامەیە دەکەم و لەپاشان بەهەر شێوەیەک بێت بڵاوی دەکەمەوە بۆی.

ئیتر لەپاشان وازدەهێنم لە نووسەری و تەواوی جیهانی ئەدەب و هونەردا.چوونکە بڕیارم داوە لەگەڵ سەگە بچکۆلانە بە وەفایەکەم گەشتێکی دوور دەکەم کە چیتر نامەوێت هیچ کەسێک ناسنامەو و بوونی من بزانێت.لەپاشان ئەبم بە تارماییەک بەنێو تەواوی جیهان دا دەسوورێمەوە...

– زۆر سووپاسی هاوکاریەکەت دەکەم ، دڵنیام ئێستا رووحی دڵخوازی هاوڕێم بەبەهەشت شادە، ئەو ئێستا رووحی ئاسوودەیە کە تۆ دەستپێشخەریت کرد لە یارمەتیدانی هاوڕێکەم...

–هیوادارم وا بێتن...

–زۆرچاکە با من لەوە زیاتر کاتی تۆ نەگرم ،کاتێکی شاد بۆت کاکی نووسەری ئازیز ...

–شادتر بۆتۆیش ئایشە گیان.

–هەواڵی مردنی ئەو کچەی ، لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان پێش چەند رۆژێک بڵاوکرایەوە منی زۆر تاساندبوو، بەڵام نەمزانی هاوڕێی ئایشەی هاورێمە . وەکو نووسەرێک زۆر ئازارم چەشت کە دووبارە هەواڵی مردنی کچێکم بیست.

کاتێـــــــک رۆژانە گـــــــویێم لە خۆکوشـــــــتنی کەســــــێک ئەبێـــــتەوە بەهۆکـــــاری جیـــــاواز راســــــتەوخۆ لەنــــاخی خۆمەوە لەت لەت دەبم .

بەڵام منێـــــک چــــــیم بەدەســــــت دێـــــت ، تەنیـــــا ئەوەم بەدەســــت دێـــت وەکـــو نووســــەرێک دەنگـــی لێقەومــــاوان و بێتاوانەکــــــان و قوربانیەکــــــان بڵاوبکەمەوە.ئەگەرچـــــــی زیــــاتر لە چەنـــد رۆژێـــک بەســــەر ئەو رووداوە تێــــپەڕی بـــــوو ،بەڵام تــــاوەکو ئێســــتا نەزانـــراوە بە چ شــــێوازێک ئەو کــــچە مــــردووە ، بەڵام وا دیــــارە کلیلـــی مردنـــی ئەو کــــچە ئێســــــتاکە کەوتــــــۆتە لای مـــــن و دەبێـــــت ئەو دەرگــــایە بەدەســــــتەکانی خـــــۆم بــــۆ هەمـــوو کەســــێک بیکەمەوە.

دەبێــــت هەمـــــوو کەســـێک بزانێـــت، ئەو کـــچە بێتـــاوان بــــووەو جـــگە لە قوربـــانیەک هیچـــی دیـــکە نەبـــووە. بـــۆمنێکی نووســــەر زۆر ئازاربەخشـــە کـــار لەســــەر نـــامەی کەســـێکی مـــردوو بکەیـــت . نووســـەربوون جـــگە لە بەخشـــینی ئـــازار هیچـــی دیـــکەی بەمـــن نەبەخشـــی. چـــــوونکە پەنـــــجە خســـــتنە ســــــەر هەر ئازارێـــــک و کێشـــــەیەک، ئەوا منـــــی نووســــــەر نـــــوقمی ئەو ئـــــازارە قـــولە دەبـــــم بەبـــێ ئەوەی هەســـــتی پێـــبکەم. بەڵام وا دیـــارە ئەمجـــارەش ناچـــارم نـــووقمی رووداوێکـــی دیـــکە ببم ...

■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■■

دەقی نامەکەی دڵخواز:

پێش ئەوەی پەتێک لەملی خۆمدا بکەم و کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم،دەمەوێت نامەیەکی کراوە بۆ هەموو کچێک و کوڕێکی ئەم نیشتمانەی خۆم بنووسم، بۆ ئەوەی پەندێکی لێ وەربگرن.تاوەکو هەمان ناخۆشی منیان بەسەردا دووبارە نەبێتەوە، بەتایبەتیش پەیامەکەم ئاراستەی کچانی نیشتیمانەکەم دەکەم،چوونکە کچان هەمیشە قوربانین و باجی یەکەمی هەموو رووداوێکن.

لەم نامەیەدا باس لەوە دەکەم، چیتر نابێت کوڕەکان بەچاوێک لە کچەکان بڕوانن کە وەکو کاڵایەک بیانبینن بۆ ئارەزووەکانی خۆیان.  کچان هیچ کاتێک کاڵا نین و نابنە کاڵایەکی سێکسی بۆ کوڕان.

لەم ژووورە تـــاریکەی خـــۆمەوە ئەم نـــامەیە دەنووســـم و لەپاشـــان بـــۆ ئایشـــەی هـــاوڕێم دەینێـــرم ، ئەویـــش بەڵێنـــی پێـــداوم راســـتەوخۆ بینێرێـــت بـــۆ نووســـەرێکی هـــاوڕێی خـــۆی، پێشـــتر نـــاوی ئەو نووســـەرەم بیســـتبوو، کە هـــاوڕێی نزیکـــی ئایشـــەیە،بەڵام نەمـــدەزانی کە خـــۆم بە چ شـــێوەیەک پەیوەنـــدی بەو نووســـەرەوە بـــکەم. بـــۆئەوەی راســـتەوخۆ لەگەڵـــی دا بـــدوێم. راســـتیەکەی هـــیچ روویەکـــم نەبـــوو کە لەگەڵ ئەو نووســـەرە دابنیشـــم و گفتگـــۆی لەگەڵ دا بـــکەم تەنـــانەت روویشـــم نـــایەت تەماشـــای نـــاو چـــاوی خێـــزانەکەی خۆیشـــم بـــکەم. چـــوونکە خـــۆمم زۆر بە کەسێکی قێزەون ئەهاتە پێش چاوم.

ئیتـــــر مـــــن ئەو دڵخـــــوازەی پێشـــــوو نەمـــــام کە وەکـــــو پەپـــــوولەیەک وابـــــووم. هیـــــوادارم لەپـــــاش ئەوەی ئەم نـــــامەیە دەگـــــاتە دەســـــتی ئەو نوســـــەرە بەڕێـــــزە، بتوانێـــــت کـــــارێکی جـــــدی لەســـــەر بکـــــات و لەپاشـــــان وەکـــــو چیرۆکێکـــــی تراژیـــــدی بـــــڵاوی بکـــــاتەوە، تـــــاوەکو هەمـــــوو خوێنەرێـــــک بیخـــــوێنێتەوە لەو کێشـــــەیەی مـــــن تێـــــبگەن. لەپاشـــــــان هەر خوێنەرێـــــــک  بە ویـــــــژدانەوە بڕیـــــــارم لەسەر بدات .

***

نووســـــینی ئەم نـــــامەیەم بـــــۆ ئەوەیە تـــــاوەکو کچێکـــــی تـــــر نەکەوێـــــــــتە هەمـــــــــان ئەم تەڵەیەی مـــــــــنەوە،کە ئەو تەڵە نەفرەتیە تەواوی ژیانی منی فەوتاند.

لەم نـــامەیەم دا مەبەســـتی ئەوەم نیـــیە ، ئـــێمەی کچـــان خۆمـــان بکەیـــن بە پەپـــوولەو بـــێ تـــاوان، ئـــێمەش زۆر هەڵەمـــان بەرامـــبەر بە کـــوڕان هەبـــووە ، هەروەهـــا دڵـــی چەنـــدین کوڕمـــان شـــکاندوە. بەنمـــوونەی هـــاوڕێیەکی خـــۆم لەم نـــامەیە بـــاس بـــکەم کە ئەویـــش نـــاوی (بێریڤـــان) بوو،ڕۆژێکیـــان بـــۆی باســـکردم کە کوڕێـــک زۆر ئاشـــقی ئەو کـــچەی هـــاوڕێمەو هەمووشـــتێکی ئەو کـــوڕە لەژیـــان تەنیـــا بێریڤـــان بـــوو. بەڵام بێریڤـــان بـــۆی گێـــڕامەوە وتـــی: ئەو کـــوڕە لە رووی دارایـــی زۆر لاواز بـــوو، ئیتـــر بێریڤـــانی هاوڕێشـــم کچێـــک بـــوو زۆر ئاشـــقی پـــارەو مـــاڵ و ســـامان بـــوو. بـــۆ دواجـــار پەیوەنـــدی خـــۆی لەگەڵ کـــوڕە پچڕانـــدوو پێـــی گوت:جـــارێکی تـــر پەیوەنـــدیم پێـــوە نەکەیـــت ئەی هەژاری لات و پات.

لەو رۆژەوە ئەو دامـــــاوە جەرگـــــی ســــــووتاو وەکــــــو دێــــوانەی لێهـــــات.بەڵام ســــــاڵان تێـــــپەری بێریڤـــــان هاوســــــەرگیری لەگەڵ کــــــورێکی دۆڵەمەنـــــد دەکــــات، بەڵام هەمـــوو رۆژێـــک بـــۆ بێریڤـــان گریـــان بوو،چـــوونکە ئەو کــــــــورەی کە هاوســــــــەرگیری لەگەڵ دا کـــــــرد هەڵســــوکەوتی لەگەڵ بێریڤـــــان زۆر خــــراپ بـــــوو.ئیتر رۆژێکیـــــان گوێبیســـــــتی ئەوە بـــــووین کە بێریڤـــــان لەســــەربانیماڵەوەیـــان خـــۆی فـــڕێ داوەتە خـــوارەوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

-لەپـــاش گەمژەیـــی مـــن گەمژەیـــی بێریڤـــانی هـــاورێم بـــوو. کە ئەو کـــوڕە بـــاش و پەپـــوولەیە لەپێنـــاو مـــاڵ و سامان لەدەستی خۆی دا.

مـــن تەنیـــا نـــامەکە دەنووســـم و لەپاشـــان راســـەوخۆ دەگاتەدەســـــــتی نووســـــــەر ، بەڵام ئەوکـــــــاتەی کە نـــامەکەم دەگـــاتە لای نووســـەر، کچێـــک بەنـــاوی دڵخـــواز بـــوونی نەمـــاوە، ئیتـــر ئەویـــش کـــاری لەســـەر دەکـــات و ئەیکـــــاتە خەرمانێـــــک بۆخـــــۆی و ئەیخـــــاتە ســـــەر خەرمانەکـــانی دیـــکەی وە رەنگیشـــە شـــانازی پێوەبکـــات کەوەک نووســـــەرێک توانیـــــویەتی بەرهەمێکـــــی دیـــــکە بڵاوبکـــاتەوە ، بەڵام خـــۆ بـــۆمن هـــیچ ســـوودێکی نـــیە ئەم نـــامەیە، چـــوونکە ئەمـــڕۆ یـــان بەیـــانیەکەی خـــاوەنی ئەم نـــــامە راســـــتەقینەیە دەمرێـــــت کە ئەویـــــش مـــــنم (دڵخواز).

هەرچەنـــــدە دڵنیـــــام مردنـــــی مـــــن بەلای زۆر کەســـــەوە گرنـــگ نیـــیە، رەنگیشـــە لەپـــاش مـــردنم بڵـــێن ئـــۆخەیش کـــچە بـــێ ئابڕووەکەمـــان کۆتـــایی بەژیـــانی خـــۆی هێنـــا،

لەپـــاش مـــن بەهەزاران دڵخـــوازی تـــر چاوەکانیـــان بە ژیـــان هەڵـــدەهێنن. هەربـــۆیە مـــن نـــامەکەم بـــۆ ئەو دڵخـــوازانەیە کە تـــازە چاوەکانیـــان بە ژیـــان کـــردۆتەوە، دەبێـــت ئەم نـــامەیەی مـــن بخـــوێننەوە بـــۆ ئەوەی کەمێـــک هۆشـــیار بـــن و نەکەونە تەڵەی ئەو جـــۆرە کـــوڕانەی کە تەنیـــا کچـــان وەکـــو کـــاڵایەکی سـێکس و تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیان دەبینن.

-خۆشەویســـتی کوڕێـــک دڵـــی منـــی وەکـــو شـــێت داگیرکردبـــــوو،منیش وەکـــــو هەرکچێکـــــی دیـــــکە دەمویســـت کـــوڕێکی بـــاش بێـــتە نـــاو ژیـــانم و لەپاشـــان هاوســـــەرگیری لەگەڵ دا بـــــکەم و بـــــبمە خـــــاوەنی خێزانێکی بەختەوەر .

لە دڵـــــی خــــۆمەوە ئیتــــر گــــوتم: تەواو دڵخـــواز تــــۆ کەســــێکت دۆزیــــیەوە ئەویــــش نــــاوی (ســــامانە). مــــن لەگەڵ ئەو کــــورە دڵخــــۆش دەبــــم و دەبــــمە خــــاوەنی جوانترین خێزان.

بەڵام چ جۆرە دڵخۆشیەک ؟

یەکەم دیداری یەکترناسینم لەگەڵ سامان:

رۆژێکیـــــان لە یـــــانەی زانکۆکەمـــــان مـــــن و ئایشـــــەی هـــــاوڕێم پـــــێکەوە دانیشـــــتبووین، راســـــتەوخۆ هـــــاوڕێیەکی ئایشـــــــە بەرەو لای مێــــــزەکەی ئـــــێمە هات،ئایشــــــەش هەســــــتایە ســــــەرپێ وبەخێرهـــــــاتنی لەهـــــــاوڕێکەی کرد،لەپاشـــــان ئایشـــــــە بە هـــــــاوڕێ کــــــوڕەکەی وت: فەرمـــوو دابنیشـــە ســـامان بـــا پێکتـــان بناســـێنم ، ئیتـــر بەم شـــێوەیە هـــاوڕێکەی ئایشـــە هـــاتە ســـەر مێـــزەکەی ئـــێمەو،بە نیگـــایەکی تیـــژی چاوەکـــانی خـــۆی بە مـــن ناســـاندو وتـــی: ســـڵاو بە قوربـــان مـــن نـــاوم ســـامانە، لەگەڵ ئایشـــــە لە هەمـــــان بەش پـــــێکەوە ئەخـــــوێنین. ئەم ساڵ کۆتا ساڵمانە پێکەوە.

خۆشـــحاڵ بـــووم کە لە کۆتـــا ســـاڵی زانکـــۆم. کچێکـــی دەم بەخەنـــدەی جـــوانی وەکـــو تـــۆ دەناســـم،هیوادارم تۆش خۆت بە بەندە بناسێنی.

-خــۆزگە لەو کــاتەوە مــن لەســەر مێــزەکە هەڵبســتامایە پێـــوەو ئایشـــەو ســـامانم بەجـــێ بهێشـــتبایە،بەڵام شـــەیتانێک لەنێونـــاخم منـــی هەڵخەڵەتانـــد. ئەو ســـامانە نەفـــرەتیە لەهەر قۆنـــاغێکی زانکـــۆی دا ژیـــانی کچێکـــی لە کەدار کردبوو،کۆتـــــا قۆناغیشـــــی مـــــن بـــــوومە خۆراکی سامان .

- هیواخوازم هەتا کۆتایی نامەکە لەگەڵم بن...

ئەورۆژەمنـــیش بەهەمـــان شـــێوە بە زەردەخەنەیەکـــی شـــەرمنانەوە پـــێم گـــوت: خۆشـــحاڵ بـــووم بەڕێـــزم،

منـــیش نـــاوم دڵخـــوازە، کۆتـــا ســـاڵمە لە زانکۆ.هەروەهـــا ئایشەش یەکێکە لەباشترین هاوڕێکانم.

ســـــامانیش دووبـــــارە بە رووخســـــارێکی پێکەنیـــــنەوە گـــــوتی: ئـــــۆو زۆرباشـــــە ئەوەم بەدڵە، خـــــوا لێکتـــــان نەکـــــــات، چـــــــوونکە هـــــــاوڕێی بـــــــاش زۆر بەنرخە،هەرکەلەدەســـــــتت دا،راســـــــتەوخۆ هەســـــــت بە بۆشـــــاییەکی گەورە دەکەیـــــت لە دەورووبەری خۆتـــــدا ، بـــۆیە دڵخـــواز خـــان هەمیشـــە نرخـــی ئایشـــەی هاوڕێـــت باش بزانە و هیچ کات لەدەستی نەدەیت.

منـــیش پـــێم گـــوت: راســـتەکەی هـــاوڕێی بـــاش زۆر بەنـــرخە بەڵام زۆر جـــار ئیتـــر چارەنووســـی ژیـــان بە چەند هۆکارێکی جیاواز لێکمان دادەبڕێت ...

لەو ساتەوە زەنگی تەڵە گەورەکەی ژیانم بۆمن لێدرا، چوونکە منی نەفام لە یەکەم دیدارەوە کەوتمە داوی خۆشەویستی ئەو کوڕەوە،کوڕێک لە رووخسارەوە وەکو فریشتە ئەهاتە پێش چاوەکانمەوە، قسەکانی وەکو هەنگوین وابوون کە لە زمانی سامانەوە دەهاتنە دەرەوە . هەر ئەو رووخسارە فریشتەیەی لەگەڵ زمانە هەنگوینیەکەی وای لە من کرد، وەکو کچێکی شێت بکەومە داوی خۆشەویستییەکەیەوە.

بەڵام هیچ کاتێک ئەمەی من و سامان، ناوی لێ نانێم خۆشەویستی بەڵکو ناوی لێ دەنێم (دۆزەخی خۆشەویستی یان خۆشەویستیەکی نەفامانە). چوونکە سامان منی خستە دۆزەخی خۆیەوە ، کە

بـــۆ هەتـــا هەتـــایە رزگـــارم لـــێ نابێـــت تەنهـــا بە مـــردن نەبێت.

منێکـــی موســـڵمان بـــاوەڕم بەوە هەبـــوو کە خۆکوشـــتن کـــــاریکی حەرامەو خـــــوا قەدەغەی کـــــردوە لەســــەر بەنـــدەکانی ، بەڵام وا دیـــار بـــۆ مـــن حەلال کرابـــوو کە دەبێـــت کۆتـــایی بە خـــۆم بهێـــنم. ئەگەرنـــا هەر براکـــانم و بـــاوکم کۆتاییـــان بە مـــن دەهێنـــا، دڵنیـــام بە مردنـــی مـــن هەندیک شت چاکدەبێتەوە.

ئیتـــر بەم شـــێوەیە رۆژ هـــات و رۆژان بـــۆ مـــن و ســـامان تێـــپەری، هەتـــا دەهـــات لەگەڵ تێپەربـــوونی رۆژەکـــانی ســـاڵدا،ئێمە زیـــاتر عاشـــقی یەکتـــر بـــووین و دڵمـــان بـــۆ یەکتـــر بەخێرایـــی لێـــدەدرا، بەڵام وانەبـــوو هەمـــووی درۆ بـــوو، ئەو خۆشویســـتنە تەنهـــا لەنێـــو دڵـــێ مـــن وابـــوو، واتە تەنیـــا مـــن ســـامانم بەڕاســـتی

خۆشدەویســــــــت، ئەوم بە گالیســــــــکەی خەونەکــــــــانی خــۆمم دانــابوو ، لە دڵــی خــۆمەوە گــوتم ســامان بــۆمن دەبێـــت بە هاوســـــەرێکی بـــاش و بۆخۆمـــان پـــێکەوە ژیـــانێکی جـــوان دروســـــت دەکەیـــن.بەڵام هەمـــووی پێچەوانە بوو.

❊❊❊

مـــن کچێکـــی زۆر گەمـــژەو ســـاویلکە بـــووم لەبەرامـــبەر ســـامان، چـــوونکە نەمـــدەزانی ســـامان خەریکـــی لێـــدانی خەنـــــــدەقێکی ئێجگـــــار گەورەیە بـــــۆ لەکەدارکردنـــــــی ئابڕووم.

خۆشەویســـتیە ســـاختەکەمان ئەوەنـــدە بەهێـــز بـــوو،کە تەنـــانەت لەپـــاش تەواوبـــوونی کـــاتی زانکۆمـــان دا ، بە شـــەوانیش هەر خەریکـــی قســـەکردن بـــووین پـــێکەوە لە

ریگـــای نـــامەی مۆبـــایلەوە، تەنـــانەت بەهـــۆی ســـامانەوە کـــاتی پێویســـــتم بـــۆ ئایشـــــەی هـــــاورێم نەدەمـــــایەوە کەلەگەڵـــــی قســـــە بـــــکەم ، ئەمەش هەمـــــووی لەپێنـــــاو خۆشویســـــتنی کورێـــک بـــوو، چـــوونکە ســـامان لەلای مـــنەوە بە هەمـــوو کەســـی خـــۆمم دانابوو،ســـامان بـــۆ ژیـــانی مـــن زۆر گرنـــگ بـــوو،بەڵام نەمـــدەزانی کە مـــن بەلای ســــامانەوە تەنیــــا کــــالآیەکم بــــۆ تێرکردنــــی ئارەزووە سێکسیەکانی.

ســـامان هەمـــوو رۆژێـــک بە قســـەکانی منـــی ئەبـــردە نێـــو خەیـــالێکی ئێجگـــار قـــوڵەوە ئەو بەردەوام پێـــی دەگـــوتم: دڵخـــواز گیـــان بەم زووانە تـــۆ دەبیـــتە هاوســـەری مـــن، لەپاشـــان جـــوانترین ژیانـــت بـــۆ درووســـت دەکەم، کە هـــیچ کاتێـــک بە چاوەکـــانی خـــۆت بـــاوەڕی پـــێ نـــاکەی، جـــوانترین خـــانووت بـــۆ دەکـــرم لە باشـــترین شـــوێنی

شـــــاردا، لەپاشـــــان جـــــوانترین ئۆتۆمبیـــــل دەخەمە ژێـــــر ئەو دوو قاچـــــانەی تـــــۆدا لەگەڵ چەنـــــدین شـــــتی تـــــریش کە تۆ ئارەزووی دەکەیت...

ئیتـــــر ئەمە قســـــەکانی ســـــامان بـــــوو کە بەردەوام پێـــــی ئەوتم،منـــــــیش خۆشـــــــیەکی زۆر لەنـــــــاو دڵـــــــمەوە هەلگیرســـــابوو،کە نەمتـــــوانی یەک وشـــــەش لەبەرامـــــبەر قســـــەکانی ســـــامان بڵـــــێم، ئەو کـــــوڕێکی زۆر فێڵبـــــاز و دوو ڕوو بوو.

قســـــەکانی ســـــامان منـــــی ئەوەنـــــدە مەســـــت کردبـــــوو، کە تەنانەت نەمتوانی لە تەڵەکەی بە ئاگا بێمەوە.

***

هەموو هەڵەکانم لە شەوێکی باراناویەوە دەستی پێکرد:

شـــــەوێکی بارانـــــاوی بــــوو، ســــامان داوای لێکـــــردم کــــامێرای مۆبــــایلەکەمی بــــۆ بــــکەمەوە ، تــــاوەکو لە ڕێگــای دەنــگ و ڕەنــگەوە پــێکەوە قســـەو گفتگــۆ بکەیــن. منــــیش بەداواکەی ســــامان ڕازی بــــووم و چــــوومە ژوورەکەی خــــۆم و لەســــەر تەخــــتەی نووســــتنەکەم بۆخــــۆم پــــاڵکەوتم و لەپاشــــان کــــامێرای مۆبــــایلەکەم کــــردەوەو دەســــتمان کــــرد بە قســــەی خــــۆش و قاقــــا لێدان.

ئەوشــــەوە تەنیــــا خــــۆم لەمــــاڵەوە بــــووم هەمــــوو خێــــزانەکەم ڕۆیشــــتبوونەوە دەرەوە  بــــۆ مــــاڵی خــــاڵم، بەڵام مــــن بە بیــــانووی ســــەعی کــــردن نەچــــووم

لەگەڵیـــــان، خــــــۆزگەم بە خـــــــۆزگە ئەوشـــــــەوە لەگەڵ خێــــزانەکەم بڕۆیشـــتوومایە لەگەڵیـــان بـــۆ مـــاڵی خـــاڵم. نەک لەگەڵ کوڕێکی هیچ و پووچ قسە بکەم.

سـامان ئەو شـــەوە پێـــی وتـــم: گیـــانەکەم لە کوێیـــت ئێستاکە؟

-ئەی نـــــامبینی وا لەمــــــاڵەوەم لەژوورەکەی خـــــۆم دا بـــۆ خـــۆم پـــاڵکەوتووم،ئەویش بە پێکەنیـــنەوە وتـــی : ئـــــای چەنـــد خۆشــــە کە بەم شـــــەوە بارانـــــاویەدا، ئێســـتاکە منـــیش لەلای تـــۆ بوومـــایەو لەســـەر یەک جێگـــا پـــــێکەوە تێـــــر بەدڵــــــی خۆمـــــــان یەکتریمـــــــان گەرم بکردبایەوە.

منـــیش کەمێــــک قســــەکەی ســــامانم بە دڵ نەبـــوو هــــی ئەوشــــەوەی ، راســــتەوخۆ زانــــیم ،ئەم کـــــورە کـــورێکی برســــیە بــــۆ جەســــتەی کچــــان، بەڵام مــــن  بەهەمـــوو شــــێوەیک نەمتـــوانی ئیتـــر دەســــتبەرداری  ســــامان بــــم چــــوونکە ئەوم خۆشدەویســــــت و بە هەمــــوو شــــتێکی و بە سەرجەم داواکاریەکانی رازیبووم .

وەڵامــــی قســــەکەی ســــامانم دایەوەو پــــێم گــــوت: هێشــــتا پەلەی چیــــتە کــــوری بــــاش بــــۆ ســــەرجێی کــــردن لەگەڵ مــــن، باجــــاریێ یەکتــــری بــــاش بناســــین، ئەوکــــاتە وەرە بــــۆ داوام و بمــــکەرە خێزانــــی خۆت،ئەوکــــاتە منــــیش  تێــــر بە دڵی خۆت سەرجەم ئارەزووەکانت تێر دەکەم...

مــــن لەدڵە شــــێتەکەی خــــۆمەوە گــــوتم: ئاســــاییە ئەگەر ســــــامان پــــــێش هاوســــــەرگیریش داوای ئەم جــــــۆرە شتانەیشم لێ بکاتن.

چــــوونکە مــــن وام بۆخــــۆم خەیــــاڵم کردبــــوو ، ئەودەبێــــت بەهاوســــــــەری ژیانم،ئەوکــــــاتە ســــــــەرجەم ئــــــارەزووە سێکســــیەکانی ســــامان تێــــردەکەم، ئەگەر مــــن نەتــــوانم ئارەزوەکــــــــانی هاوســــــــــەرەکەم تێــــــــربکەم ئەوە، بە دڵنیــــــاییەوە ژیــــــانێکی بەختەوەرمــــــان نابێــــــت و ســــــەرەنجام دەڕوات بــــــۆلای کەســــــێکی دیــــــکە کە ئارەزووەکانی تێربکاتن.

هەمــــوو شــــتێک پــــێچەوانە بــــوو ســــامان منــــی وەکــــو کچێکــــــــی ســــــــۆزانی تەماشــــــادەکرد نەک وەکــــــــو هاوســــــەری داهــــاتووی خــــۆی، تەنهــــا ویســــتی بگــــاتە ئامــــــانجەکەی خــــۆی کە ئەویــــــش جەســــــتە ســــــەرنج ڕاکێشەکەی من بوو....

سـامان گـاڵتەی بە قسـەکەی منـدا کـرد کە کاتێـک پـێم گـوت وەرە بـۆ داوام و بمـکە بەهاوسـەری خـۆت، بەڵام خـۆزگە لەو شـەوەوە ئیتـر بمزانیبـایە کە ئەو کـوڕێکی خـراپەو هـیچ نیەتێکـی باشـی لەگەڵ منـدا نـیە،بەڵام ئیترپاشـگەزبوونەوە بـۆ مـن حەرام کرابـوو، چاوەکـانم و مێشـکم لەدەسـت دابـوو، خـۆم ڕادەسـتی دڵە نەفرەتیەکەم کردبوو.

سـامان دووبـارە قسـەیەکی تـری کـردوو وتـی : ئەزانـی دڵخـواز،کە ئێسـتا مـن زۆر حەزم چـۆتە مژینـی ئەو دوو مەمـکەی تـۆ ، کە لە ژێـر مەکسـیەکەی بەردا حەشـارت داوە، بـۆیە داوات لـێ دەکەم دڵخـواز گیـان ئەگەر منـت بەڕاسـتی خۆشـدەویێت ئەوا ئەو جـووتە مەمکـۆڵەیەت پـێم نیشان بدە .

گیـــانە مـــن ئەم شـــەو بەدەســـتی خـــۆم نیـــیە زۆر حەزم چـــۆتە مەمکـــۆلە نەرمەکـــانی تـــۆ، بـــۆیە تکـــات لـــێ دەکەم بێنـــــــــازم نەکەی ئەمشـــــــــەو لە نیشـــــــــاندانی ئەو دوو جووتە هەنارە جوانەی کە حەشارت داوە.

منـــیش کەمێـــک بە تـــوڕەییەوە بە ســـامانم گـــوت: ئەوە چیـــتە کـــوڕە ئەمشـــەو؟ ئەی پێـــتم نەگـــوت جـــارێ بـــۆ ئەو شـــتانە پەلەمەکە ، مـــن نـــاتوانم لە ڕێگـــای کـــامێرای مۆبـــایلمەوە جەســـتەی خۆمـــت پـــێ پیشـــان بـــدەم، ئەوە زۆر مەحاڵە.

ســـــــامان ئەوشـــــــەوە دووبـــــــارە رووخســـــــارە فیڵبـــــــازینەکەی ، پیشـــــــانی منـــــــی داو،منـــــــیش بە گەمژایەتیەکەی خۆم باوەڕم پێکرد.

باشـــــه دڵخـــــواز گیـــــان کەواتە لەم چرکەســــاتەوە ئیتـــــر بـــا ئـــێمە پەیوەنـــدیمان نەمێنێـــت ، چـــوونکە وا دیـــارە تـــۆ منـــــت خــــۆش ناوێـــت، ئەگەر منـــــت خــــۆش بــــویّ، ئەوا بەبـــیّ گفتگـــۆو هـــیچ نـــارەزایەتیەک جەســـــتەی رووتـــــی خۆتـــــــت پیشــــــانی خۆشەویســـــــتەکەت و هاوســـــــەری داهـــــاتووت دەدا، بەڵام وا دیــــارە مـــــن لەســــــەرەتاوە هەڵە بـــووم کە تـــۆم خۆشویســـت، چـــوونکە تـــۆ ئەو کـــچە نیـــت کە من خەیاڵم بۆی کردبوو...

–ئەو قســــــەیە ســــــامان زۆر راســــــت بـــــوو ، بەڵام منـــــی گەمـــژە هـــیچ تێنەگەیشـــم ، وتـــی: تـــۆ ئەو کـــچە نیـــت کە خەیـــــاڵم بـــۆی کردبـــوو ،خەیـــاڵی ســـامان هەمیشـــە بـــۆ کچەکـــــان ئەوەبـــوو کە بـــبن بە کـــۆیلەی ئارەزووەکـــــانی و لەپاشان تێر بەدڵی خۆی سواریان بێت.

لەپاشـــــان فرێیـــــان بـــــدات...تففففف لەو رۆژەی کە تـــــۆم ناســـــی، ســـــەگێکم خۆشبویســـــتایە نەک مرۆڤێکـــــی درندەی وەکو سامان.

دووبارە گەمژەیەتی من :

کاتێـــک ســـامان نـــاوی وشـــەی هاوســـەری هێنـــا، چاوەکـــانم کـــوێر بـــوون و مێشکیشـــم لە دەســـت دا چـــوونکە دڵـــم خـــۆش بـــوو بەو قســـەیەی ســـامان کە وتـــی: لەداهـــاتوودا دەبیـــت بە خێـــزانم، ئەمەش خەونـــی هەمـــوو کچـــێکە ، کە رۆژێـــک بێـــت هاوســـەرگیری لەگەڵ کـــــورێکی بـــــاش و تێگەیشـــــتوو دا بکـــــات و مـــــاڵێکی بەخـــــتەوەر و خێزانێکـــــی جـــــوان بۆخـــــۆی درووست بکات.

بەڵام بـــۆ منـــــی چـــارەنووس رەش گۆڕێـــک دەبێـــت بە قســـــمەتم.هەروەها لەســـــەر گـــۆرەکەم بـــا بنووســـرێت (کچێکی ساویلکەی خۆش باوەر).

* * *

منـــــیش ئەوشـــــەوە بە ملـــــی شـــــکاوم رازی بـــــووم بە داواکەی ســـامان، پـــێم وت: باشـــــە بەچـــاوان ســـامان گیـــان ئێســـتاکە مەکســـیەکەی بەرم دائەکەنـــم و خـــۆم بـــۆت رووت دەکەمەوە، ئەوکـــات بە ئـــارەزوویی خـــۆت لە شاشـــــەی مۆبـــــایلەکەتەوە بـــــڕوانە ســـــینگ مەمکەکـــــانم،بەڵام بەڵێنـــــێکم پێبـــــدە،کە لەلای خـــــۆت بەپارێزراوی بمێنێتەوە.

ئەوە کەی قســـــەیە دڵخـــــواز گیـــــان ، واتە مــــن ئەوەنــــدە بێشـــــــەرەفم ڤیـــــدۆی رووتـــــــی خۆشەویســـــــتەکەم بڵاوبکەمەوە...

دوور لەتـــــۆ ســــامان گیـــــان تەنهـــــا هەروا بۆخۆشـــــی گـــــوتم، لـــــێم دڵگــــران مەبە تکــــایە، ســــامانیش بە پێکەنیـــنەوە وتـــی: دڵگرانـــی چـــی گیـــانە ، دەی تـــۆ ئێســـتا خـــۆت رووت بـــکەوە مـــن وا چـــاوڕێی جەســـتەی جـــوانی تـــــۆم ئەی جـــــوانترین هاوســـــەری داهاتووم،ئەمەوێــــت ئەمشـــــــەو لەم کەش و هەوا ســـــــارد و بارانـــــــاویەدا لەگەڵ ســـــاتێک لە بینینــــــی جەســـــتە رووتەکەت بۆخـــــۆم (دەستپەڕێکی) گەرمی لێ بدەم.

بەم شـــێوەیە ئیتـــر ئەوشـــەوە چیـــرۆکە تراژیـــدیەکەی ژیـــانی مـــن دەســـتی پێکـــرد، ئەو چیـــرۆکەی کە دەبێـــت بکرێـــــــت بە داســـــــتانێکی زۆر گەورە لە پاشـــــــان بە هەمـــــوو زمـــــانێکیش بڵاوبکـــــرێتەوە، چـــــوونکە ئەمە چیرۆکـــی کچێکـــی ســـاویلەکەیە کاتێـــک دەکەوێـــتە داوی خۆشەویستیەکی ساختەوە.

رەنـــگە مـــن یەکەم و کۆتـــایی قوربـــانی نەبـــم. بەڵکـــو پێشـــتر بەهەزاران دڵخـــوازی وەکـــو مـــن بە چەنـــدین هۆکـــاری جیـــاواز و نـــامۆوە ماڵئاواییـــان لە ژیـــان کردەوە.

لەداهـــــاتووش بە هەزاران دڵخـــــوازی دیـــــکە دەبـــــنە کـــاڵایەک و قوربـــانییەکی بـــێ چـــارەنووس. بـــۆیە نابێـــت کچەکـــان هەمـــان هەڵەی مـــن دووبـــارە بـــکەنەوە، کە بە دوو قسەی پەمەییانە هەڵبخەلەتێنرێن...

ئیتـــــر ئەوشـــــەوە مـــــن خـــــۆم بـــــۆ ســـــامان رووت کـــــردەوەو،ئەویش بەبینینـــــی جەســـــتە رووتەکەی مـــــن ، هەر خەریکـــی دەســـتپەڕ لێـــدان بـــوو، وەخـــت بـــوو ئەو کـــوڕە لە تـــاو بینینـــی جەســـتەو مەمکەکـــانم جەڵـــتەی لـــێ بداتن.

کاتێـــک ســـامان منـــی بە رووتـــی بینـــی لە کـــامێرای مۆبـــایلەکەیەوە،ئەو کـــوڕە کـــۆنترۆلی خـــۆی لەدەســـت دابوو،هەروەکـــو شـــێتێکی لـــێ هـــاتبوو، بەبەردەوام لەگەڵ خۆیـــدا دەیگـــوت: زۆر حەزم لە مژینـــی ئەو مەمکـــانەی تـــۆیە زۆر شـــەیدای جەســـتەی تـــۆم دڵخـــواز گیـــان، مـــن تـــۆم زۆر خۆشـــدەوێت ،جەســـتەیەکی زۆر سێکسیانەت هەیە ئەی هاوسەری داهاتووم.

–ئیتـــر ئەمە قســـە پووچەکـــانی ســـامان بـــوو.کەبەردەوام بەمنی دەگووت.

–چیتـــر مـــن نامەوێـــت لەم نـــامەیەم دا زیـــاتر باســـی ئەو شـــەوەم بـــکەم چـــوونکە شـــەوێکی زۆر قێـــزەون بـــوو بـــۆمن، راســـتی مـــن وەکـــو سەرخۆشـــێکم لـــێ هـــاتبوو،کە تەنانەت بەخۆشم نەمزانی چیم کرد ئەو شەوە.

بـــۆچی وام کـــرد ؟ لەپێنـــاو چـــی خـــۆم بـــۆ ســـامان رووت کردەوە؟

–ســـــەرجەم ئەم پرســـــیارانەی بـــــێ وەڵام لەگەڵ خـــــۆم دەیـــــانبەمە گۆڕســـــتان ، رەنـــــگە لەوێ دەســـــتم بکەوێـــــت وەڵامەکانی.

بەڵام بـــــــۆ بەیـــــــانیەکەی کە لەخەو هەســــــــتام  زۆر هەســـــــتم بەپەشـــــیمانی کـــــرد، بەڵام ئیتـــــر پەشـــــیمانی ناگــات بەفریــای مــن ،مــن ئیتــر  دەمــێکە کەوتــمە زەنگــی تەڵەکەوە،ئەو بەیـــانیە دایکـــــم منـــــی بەخەبەر هێنـــایەوەو وتی:هەســـــتە کچـــم بـــڕۆ بـــۆ زانکـــۆ ، بەڵام زۆر مانـــدوو بـــووم کە نەمتـــوانی بـــڕۆم بـــۆ زانکـــۆش، بەدایکـــم وت ئەمـــڕۆ نـــاڕۆم بـــۆ زانکـــۆ دایـــکە گیـــان،چوونکە جەســـتەم زۆر مانـــدوو و شـــل ببـــوو، تەنـــانەت نەمتـــوانی لەنێـــو جێگاش هەستمەوە.

❊❊❊

کـــــاتژمێر دەی بەیـــانی بـــوو،زەنگی مۆبـــایلەکەم لێـــدرا منـــیش راســـــتەوخۆ هـــــاتمە خەبەر. کاتێـــک تەماشـــــای مۆبـــایلەکەم کـــرد نووســـرابوو ســـامان، هـــیچ ئـــارەزووم نەبـــوو لەوەی وەڵامـــی بـــدەمەوە ، بەڵام ئیتـــر چەنـــد

جارێــک لەســـەر یەکتــردا زەنگــی بــۆمن دەکــرد، منــیش ناچـــاربووم وەڵامـــی بـــدەمەوە ، لەپاشـــان پـــێم وت: بەڵــی چیــت دەوێــت بەم بەیــانیە خــۆ نەکــا بلێــی خــۆت رووت بکەوە دووبار بەم بەیانیە.

– نەخێـــــر گیـــــانە خـــــۆت رووت مەکەوە، بەڵکـــــو ئەمجارەیـــــان دەبێـــــت بێـــــی بـــــۆلام و بەو جەســـــتە جـــوانەتەوە تێـــرم بکەیـــت . بـــۆیە ئێـــوارە چاوەڕێـــت دەکەم دڵخـــــواز گیـــــان. کەمێکـــــی تـــــر ناونیشـــــانی شوێنەکەم بۆت دەنێرم.

منـــيش به ســـامانم گـــوت: تـــۆ ئـــاژەڵی ، تـــۆ دڕنـــدەيەکی پیســـــی بـــۆگەنی، ئەی برســـــی هەی ئـــــاژەڵ ، نەفـــــرەت لەو رۆژەی کە تـــــۆم ناســـــی ، وام نـــــازانی تـــــۆ منـــــت خۆشـــــدەوێت و وەکـــــو هاوســـــەری داهـــــاتووی خـــــۆت مـــامەڵەم لەگەڵ دا ئەکەيـــت، تـــف تـــف تـــف، مـــن بـــۆ هـــيچ شـــــوێنێک نـــــایەم جـــــارێکی تـــــر پەيوەنـــــديم پێـــــوە نەکەيـــــتەوە ئەی نەفرەتـــــی ئەگەرنـــــا پەيوەنـــــدی بە پۆليس دەکەم...

ســـامان قاقـــايەکی پێکەنينـــی لێـــداو ، پێـــی گـــوتم: هەی کچـــی ســـاويلەکەو نەزان تـــۆ دەبيـــت بە ســـێيەمين کـــچ کە بکەويـــتە ئەم تەڵەيەی مـــــنەوە، مـــــن هـــــيچ تـــــاوانێکم نـــيه ، ئەوە خـــۆت بـــووی کە دوێنـــی شـــەو رازی بوويـــت جەســـتەی رووتـــی خـــۆت بە کـــامێرا پيشـــانم بـــدەيت. تـــۆ

چــۆن بــاوەڕ بە کوڕێــک دەکەیــت کە لە پــێش کــامێراوە خــــۆتی بــــۆ رووت بکەیــــتەوە کە هێشــــتا نەبــــۆتە هاوســــەرت. تــۆ کچێکــی زۆر گەمــژەی کە بە درۆکــانی مــــن هەڵخڵەتێنرایــــت، هاوشــــێوەی ئەو کچــــانەی دیکە،تەنیــا ئەو کچــانە نەبێــتن کەنەمتوانیــوە فریویــان بــــدەم کە زۆر هۆشــــیارن،بە هەمــــوو شــــتێک هەڵناخەلەتێنرێن.

ئێســتا بــڕۆ فەیســبووکەکەت بــکەوە هەنــدێک شــتم بــۆت ناردوە دڵنیام بەدڵت ئەبێت...

کاتێــک فەیســبووکەکەم کــردەوە، دەبیــنم ئەو ســامانە ئاژەڵە،ڤیــــدۆکەی دوێنــــێ شــــەوی لەلای خــــۆی تۆمــارکردبوو لەگەڵ چەنــد وێنەیەکــی تــایبەتی خــۆم ، ئیتــر بەو شــێوەیە منــی بەو شــتانە ترســاند پێــی گــوتم: ئەگەر ئێــــوارە نەیەی بــــۆ ئەو ناونیشــــانەی کە پێتــــی

ئەدەم،ئەوا کەمێکــــی تـــــر ئەم ڤیـــدۆیە لەدەســـــتی هەمـــوو کەســــێک دەبێت،بەتـــــایبەتیش خێـــزانەکەت و هاوڕێکـــــانی زانکـــۆت. ئەوکـــات دەبێـــت هەمـــوو گەنجێـــک خەونـــت پێـــــوە ببیـــــنن بــــۆ ئەوەی بەم زســـــتانە ســـــەرجێیەکی گەرمـــــت لەگەڵ دا بکەن.بــــۆیە بە بێــــدەنگی وەرە بـــــۆلام باکەمێــک خــۆم پێــت تێــر بــکەم و دوایــی بۆخــۆت بــڕۆ ملت بشکێنە...

منـــیش هـــیچ چـــارەم نەبـــوو جـــگە لە چـــوون بـــۆلای ســـامان ، ناونیشـــانەکەی خـــۆیی بـــۆم نـــارد، منـــیش بـــۆ ئێـــــــوارەکەی بە فیڵــــــی ئەوەی کە دەچـــــــم بـــــــۆلای هـــــاوڕێیەکی زانکـــــۆم بــــۆ ســــــەعی کـــــردن تــــــاوەکو خێـــــزانەکەم هەســـــــتم پێــــــنەکەن. لەمـــــاڵ هـــــاتمە دەرەوە،تەکســـــیەکم راگـــــرت و ناونیشــــــانەکەی ســــامان بە خـــاوەنی تەکســـیەکەدا، ئەویـــش منـــی بە نیـــو کـــاتژمێر

گەیاندە شوێنەکە کە شوێنەکەش شووقە بوو، منیش سەرکەوتم بەنێو شوقەکەدا.

سامان لە نهۆمی چوارەم بوو لە ژووری ژمارە چواردە، زۆر هەستم بە شەرمەزاری خۆم دەکرد،چوونکە خۆم وەکو کچێکی سۆزانی ئەبینیەوە . کە هەر جارەو لە شوقەیەک و ماڵێکدان بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەو نێرانەی کە هەمیشە ژیانیان تەنیا سێکسکردنەوەو هیچی تر لە ژیان نازانن.من کچێکی بەڕێزم نەک سۆزانی بەڵام دڵە نەفرەتیەکەم منی کرد بە سۆزانی.

گەیشتمە نهۆمی چوارەم،هەروەها سامان لە پێش دەرگای ژمارە چواردە راوەستابوو،بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی منی دەکرد، هەرکە منی بینی دەستێکی بەسەر ئەندامە نێرینەکەی خۆیدا هێنا لەسەر

پـــــانتۆڵەکەیەوە، منـــــیش زۆر شــــــەرمم دەکـــــرد بەو دیـــــمەنە ناشــــرینە، ســــامان منــــی بــــردە ژوورەوەو بەخێرهــــاتنێکی زۆر گەرمـــــی لێکردم،راســـــتەوخۆ پێـــــی وتــــم: ئـــــۆخەیش لەکۆتـــایی گەیشـــتی دڵخــــوازەکەی من،ئەمــــڕۆ تێــــر بۆخۆمــــان رادەبــــوێرین، منــــی نەفـــام دووبــــارە پرســــیارم لەســــامان کــــردو پــــێم گــــوت: سامان دێیتە داوام؟

***

ســـامانیش قاقـــایەکی پێکەنیـــی لێـــداو منـــی خســـتە نێـــوان هەردوو رانـــی خـــۆیەوەو پێـــی گـــوتم : تـــۆ جـــاری ئەو پـــارچە گۆشـــتەم بـــۆ بمـــژە،وازبێنە لەهاوســـەرگیری و تەڕەماش...

پـــــاش ئەوەی ، ئیتـــــر لە مژینـــــی پـــــارچە گۆشـــــتەکەی ســـــامان تەواو بووم،راســـــتەوخۆ خســـــتمیە باوەشـــــی خـــۆیی منـــی بـــردە ســـەر جیگـــای نووســـتنە تـــایبەتەکەی خـــــۆی کە بە گـــــولّی سوورســـــەرجێگاکەی ســـــامان رازێنرابـــــوویەوە.منیش لەوکـــــاتەدا خەیـــــالّی ئەوەم بـــــۆ درووســـــت بـــوو کە لەگەڵ ســـامان لەســـەر ئەم جێگـــای نووســـــتنە پـــــڕ لە گـــــولاّوی ســـــوورە،بۆخۆمان ژیـــــانێکی پـــــڕ لە خۆشـــــی و ئاســـــوودەیی بەڕێ دەکەیـــــن.بەلاّم هـــیچ شـــتێک وانەبـــوو،ئەو جێگـــایەی ســـامان تەنیـــا بـــۆ ئەوە ئامـــــادەی کردبـــــوو کە ئارەزووەکـــــانی خـــــۆی لەگەڵ من تێربکاتن.

هەمووجلەکـــانی بەرمـــی داکەند.لەپاشـــان هەســـتم بەوە دەکـــــرد کە لەپشـــــتەوە پـــــارچەیەکی گۆشـــــت بەنێـــــو جەســـــــتەم دا دەڕوات.تەواوی جەســـــــتەم بە پـــــــارچە

گۆشـــتەکەی ســـامان خـــاو بـــووەو هـــیچ هۆشـــێکم لەلای خـــۆم نەمـــا تـــا ئەوکـــاتەی کە ئیتـــر ئەو پـــارچە گۆشـــتە نەفـــرەتیەی ســـامان لە نێـــو کۆئەنـــدامە هەســـتیارەکەی جەســـتەم هـــاتە دەرەوەو، راســـتەوخۆ بەهۆشـــی خـــۆم دا هاتمەوە.

بەڵام جەســـــتەم زۆر ئـــــازاری هەبـــــوو ئەو رۆژە، کە لەنێـــوان هەردوو رانەکـــانمەوە دڵـــۆپە خـــوێنم لـــێ ئەهـــاتە خـــوارەوە.کە لەتەواوی تەمەنـــم ئـــازاری وام نەچەشتبوو...

لەوکـــاتە مـــن بەهۆشـــی خـــۆم دا هـــاتم ، کە چەنـــد هەڵەیەکـــــی گەورەم ئەنجـــــام داوە.کۆتـــــا هەڵە کە ئەنجـــامم دا ئەوەبـــوو کە چـــووم بـــۆلای ســـامان و بە سەرجێی کردنەکەی رازی بووم.

زۆر قێـــــزم لەخــــۆم دەکـــــردەوە کە بە جەســــــتەیەکی ڕووتەوە لەنێـــو ژووریێکـــدا کەوتبـــووم، تەنــــانەت ئەو دۆخەی مــــن لە کچێکـــی ســـۆزانی خراپتربوو.چـــوونکە ســــامان زۆر مانـــدووی کــــردم ، زۆر ئــــازارم چەشــــت ئەو دوو کــــاتژمێرە کە لە ژێـــر چنگـــی ســــامان بـــووم. بەڵام لەلایەکـــی تـــرەوە بەخــــۆمم گـــوت:ئەمە شــــایەنی تۆیە دڵخواز دەبێت باجی ساویلەکەیی خۆت بدەیت.

دوو بــــراکەم دڵیـــــان بە مــــن زۆر خــــۆش بـــوو کە خووشــــکێکی تاقانەیــــان هەیە زۆر بەڕێــــزەو لەهەمـــوو شـــوێنێک شــــانازیان بەمــــنەوە دەکـــرد.بەڵام ئیتـــر لەلای براکــــانمەوە هــــیچ خووشــــکێکیان نیــــیە بەنـــاوی (دڵخوازەوە).

***

پـــاش ئەوەی کە ئیتـــر ســـامان خـــۆی بەمـــنەوە ســـەرجەم ئارەزووەکـــانی تێرکـــرد، راســـتەوخۆ پێـــی گـــوتم: خێـــرا هەســـتەوە بـــڕۆ گەرمـــاوەکە خـــۆت خـــاوێن بـــکەرەوە لەپاشـــان ملـــت بشـــکێنە لێـــرە بـــڕۆ ، ئەگەریـــش بـــڕۆی بـــۆلای پـــۆلیس هەر ســـکالایەک لە دژی مـــن تۆمـــار بکەیـــت ئەوا راســـتەوخۆ مـــن گـــرتە ڤیـــدۆیەکەت بڵاودەکەمەوە.

منـــیش بێـــدەنگ بـــووم ، چـــوونکە هەمـــوو شـــتێک خەتـــای خـــۆم بـــوو ، هەڵەی مـــن بـــوو نەک هەڵەی ســـامان ، چـــوونکە ســـامان تەنیـــا گـــورگێکی برســـیەو، چـــاوەڕێی مەڕێکـــی دامـــاو دەکـــات خـــۆی بخـــاتە ژێـــر دەســـتی، ئەو مەڕەش مـــن بـــووم کە بەدەســـتەکانی خـــۆم چـــوومە ژێر دەستی سامان.

لەســــــەرەتاوە زۆر نەفـــــام بـــــووم کە مــــن بەهەمـــــوو قســــــەکانی ســـــامان هەڵخەلەتێنــــــرام و  بەتــــــایبەتیش کاتێـــــک داوای کــــــردنەوەی کــــــامێراو رووتکــــــردنەوەی خــــــۆم لەپـــــــێش کــــــامێرا. دەبــــــوایە هەمـــــــوویم رەتبرکردبــــــــایەوەو راســــــــتەوخۆ پەیوەنــــــــدیم لەگەڵ ببچرانبــــایە ، چـــــوونکە ئەو کـــــورە شــــایەنی خۆشویســــتن نەبـــــوو، بـــــۆیە ئێســــــتا دەبێـــــت بـــــاجی هەڵەکەی خــــــۆم بــــدەم،بەڵام نــــازانم چـــــۆن، بەهەر شــــێوەیک بێـــت ئێســــتا مــــن کچێکـــــی قوربـــــانیم لەنێـــــو کۆمەڵگـــــاکەی خـــــۆم،هیچ کەســــێک ناگـــــات بەفریــــــام بەڵکـــــو هەموویـــــان ئێســــــتا نەفـــــرەتم لــــێ دەکەن، هەمـــــوو کەســــێک مــــن بە کچێکــــی ســــۆزانی دائەنێــــت،      هەروەهــــا هــــیچ کــــورێکیش ئامــــادە نیە ئیتر بێتە داوام و بمکاتە هاوسەری خۆی.

مـــن ئێســـتاکە بـــوومەتە کچێکـــی پـــیس،لەگەڵ ئەوەشـــدا هەســـــتیارترین بەشـــــی جەســــــتەم لەدەســــــت یـــــاوە،کە ئەویش پەردەی کچێنیەکەمە.

پـــــێش کۆتــــایی هێنــــان بە ژیــــانی خۆم،بڕیـــــارم دا ئەم نــــامەیە بنووســــم،تاوەکو هـــیچ کچێکـــی تـــر وەکـــو مـــن نەکەوێـــــتە ئەم جـــــۆرە تەڵانەوە، بەدوو قســــەی بریـــــق و بـــــــاقی پەمەییــــــانە هەڵخەلەتێنــــــرام ، هەروەهـــــــا ئەو کـــــورانەی کە ئەم جـــــۆرە بیرکردنەوەیـــــان لە بەرامــــــبەر کچانـــــدا هەیە  هیـــــوادارم ئەم جـــــۆرە بیرکردنەوەیـــــان بگـــــۆڕن و لەوە تێـــبگەن کە کچـــان بـــۆ گـــاڵتە پێکـــردن نــــــین و هەروەهـــــــا بــــــۆ تێرکردنـــــــی ئـــــــارەزووە سێکسیەکانی ئێوەی کوڕان درووست نەکراون.

بەڵکـــــو ئەوان چـــــاوڕێی کوڕێـــــک دەکەن کە دڵۆپێـــــک لە خۆشەویســــــتیان پـــــێ بـــــدەن ، تـــــاوەکو ئەوانـــــیش دەریـــــایەک لەژیـــــان و خۆشـــــبەختی پێشـــــکەش بە کوڕەکان بکەن...

کـــــاتژمێر هەشـــــتی شـــــەو بـــــوو گەڕامەوە بـــــۆ مـــــاڵەوە، بەڵام ئەوەنـــــدە هەســـــتم بە شـــــەرمەزاری دەکـــــرد ، کە نەمتـــــوانی ســـــەری خـــــۆم بڵنـــــد بـــــکەم و تەماشـــــای نێوچـــــاوانی خێـــــزانەکەم بـــــکەم، بەتـــــایبەتیش بـــــاوکم و براکانم.

دایکـــــم بەخێرهـــــاتنەوەی لێکـــــردم گـــــوتی: کـــــچەکەم نـــــان ئامـــــادەیە بـــــڕۆ خـــــۆت بگـــــۆڕەو لەپاشـــــان وەرە نـــــانەکەت بخـــــۆ، منـــــیش چـــــوومە ژوورەکەی خـــــۆم و دەرگـــــای ژوورەکەم بەســـــەر خۆمـــــدا کلیـــــل دا و لەپاشـــــان گڵـــــۆپی ژوورەکەیشـــــم کوژانـــــدەوەو بۆخـــــۆم بەتـــــاریکی لەســـــەر

جیگـــــای خەوتــــــنەکەم دانیشـــــتم. تێـــــر بەدڵـــــی خـــــۆم فرمێســــــکی نێـــــو چاوەکــــــانم خــــــالی دەکـــــــرد،ئەو فرمێســــکانەی بـــــۆمن کە هەردڵـــــۆپێکی چەنــــدان وشــــەی پــــڕ لە ئــــازاری تێــــدا حەشــــار درابــــوو.ئیتر مانــــدوو بــــووم نــــاتوانم زیــــاتر درێــــژە بەنــــامەکەم بــــدەم.لێرەوە کۆتــــایی پێدێنم...

***

تــــاکەکەس بە نێـــــو مێشـــــکم دا هـــــات کە پەیوەنـــــدی پێــوە بــکەم ئەویــش ئایشــە گیــانی هــاوڕێم بــوو، هەمــوو ڕووداوەکـــان بـــۆ ئایشــــەی هــــاوڕێم باســــکرد، ئایشــــەش زۆر تاســـــا بە بیســــــتنی ئەم ڕووداوانە، لەپاشــــان خـــــۆی بەتاوانبــــار ئەزانــــی وتــــی: هەمــــوو خەتــــای مــــن بــــوو دڵخــــواز گیــــان ، مــــن ئەو خــــوێڕیەم بەتــــۆ ناســــاند، بەڕاســــــتی نەمــــــدەزانی کە ســــــامان کــــــوڕێکی لەو

جـــــۆرەیە،ئەو باشـــــترین هـــــاوڕێی کـــــورڕم بـــــوو، ئەی بە نەفرەت بیت.

دڵنیـــابە دڵخـــواز دەبێـــت ئەو ســـامانە ئـــاژەڵە بـــاجی ئەو کـــــارە قێزەونـــــانەی خـــــۆی بـــــدات،منیش بەگریـــــانەوە بەئایشـــەم گـــوت: گیـــانەکەم خەتـــای هـــیچ کەســـێک نیـــیە، هەمـــــوو هەڵەی خـــــۆم بـــــوون ، چـــــوونکە لەســـــەرەتاوە زۆر بەگەمـــژانە بـــاوەڕم بەدرۆیەکـــانی ئەو کـــورە کـــرد، دەبـــوایە کچێکـــی زۆر ژیـــر و تێگەیشـــتوو بوومـــایە، بەڵام وا نەبـــووم چـــوونکە کچێـــک بـــووم هـــیچ کاتێـــک ئـــــارەزووی خوێنـــــدنەوەی کتێـــــبم نەبـــــوو،ئەگەر بهاتووبـــایە هـــــاوڕێیەتیی کتێـــبم بکردبـــایە وەکـــــو هاوڕێکـــانی دیـــکەم ئێســـتا منـــیش کچێکـــی ژیـــر و تێگەیشـــــتوو دەبـــــووم،ئەم رووداوەش بینەقاقـــــای نەدەگـــرتم، بەڵام ئیتـــر پەشـــیمانی دادم نـــایە ئایشـــە

گیان.تـــاکە یـــارمەتی کە لەتـــۆم دەوێـــت ئەویـــش ئەوەیە کە لەچەنـــــــد رۆژی داهـــــاتوودا نـــــامەیەک بـــــۆت دەنووســـم و لەپاشـــان بـــۆتی دەنێـــرم ، تـــۆش بیـــدەی بەو نووسەرەی هاوڕێت ئیتر سووپاست دەکەم....




نامەی کچێکی مردوو

ئەحمەد کامەران[1]

2021

خوێندنەوە / داونلۆدکردنی پەرتووکی: نامەی کچێکی مردوو

ژمارەی داونلۆد: 2,204 جار

ئەم بابەتە 7,895 جار بینراوە

# هاشتاگ

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئەم پەرتووکە بەتایبەتی لەلایەن (نووسەر)ەوە لە ڕۆژی 2021-03-06 بۆ کوردیپیدیا نێردراوە

بابەتە پەیوەستکراوەکان: 1

تایبەتمەندییەکانی بابەت - Meta-data

پۆل: پەرتووکخانە

زمانی بابەت: کوردیی ناوەڕاست

پۆلێنی ناوەڕۆک: ڕۆمان

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

Kurdipedia is using cookies. Ok!